# هەندرێن بۆیەکمجار بە نازناوی خولی کوردستان شاد بوو

تیپــی تۆپی پێی یانــەی هەندرێن بۆیەکمجار لە مێــژووی یانەکەی نازناوی خولی نایابی کوردستانی بەدەست هێنا.

هەفتەی رابــردوو یانەی هەندرێن لە دوا یاری کە توانی ســەرکەوتن بەدەســت بهێنێت بەسەر یانەی برووســك بە دووگۆڵی بێ بەرامبەر و بەپاڵەوانێتی خولەکە دەســت نیشــانکرا، دوای ئەوەی توانی لەسەرجەم یارییــەکان ٥١خاڵ کۆبکاتەوە، دواتریش هانــدەران و یاریزانانی یانەی هەندرێن خۆشی وشادییان دەربڕی،لە بارەی ئەو نازناوەش سەمەد جەوهەر ڕاهێنەری یانەی هەندرێن بۆ فایلی وەرزشی گوڵان وتی « ئێمە هەر لە ســەرەتاوە تیپێکی باشمان پێك هێنا لەو یاریزانانەی لە لای ئێمە یارییان دەکرد،بەهیوای ئەوەشبووین کەوا ئەنجامێکی بەرچاوبەدەست بهێنین لەم وەرزەی خولی تۆپی پێی کوردســـتان،بەهەموو لایەکمان وەکو دەستەی ڕاهێنەران ویاریزانان ودەســتەی کارگێڕی بەهەماهەنگی کارمان دەکرد لەگــەڵ یەکتری هەرکەس و بەپێی پێویســت لەبواری خۆی کاری بۆ یانەکە کردووە،تیپێکی یەکرِیز و تەبامان پێکهێنا،ڕۆژانەش زۆر بەجدی کارمان دەکرد بۆئەوەی ئەنجامێکی باشمان هەبێت هەرچەندە دەشمانزانی ئەرکمان قــورس دەبێت،بەڵام بڕاوشــمان بەخۆمان هەبوو.

بارزان شێرزاد یاریزانی یانەکە وتی «ئێمە هەر لەســـەرەتای خولی نایابی کوردستان زۆر بە شێوەیەکی رێکوپێـــك پێوەندیمان بە یانەکەمان هەبوو لەگشـــت ڕوویەك، لە ڕووی مەشقەکانیش زۆر ئیلتیزاممان هەبوو،یاریزانەکان بێ کێشە بوون،هەموومان بەیـــەك رووح و بەیەك دڵ و گیان یاریمان دەکرد تەنیا بۆئەوەی بتوانین نازناوی خولی نایابی ئەمســـاڵ بۆیانەکەمان بێت،وتیشـــی یانەکانی تریش بەهێز بوون،بەڵام ئێمە بەپێی ڕێنماییەکانی دەستەی ڕاهێنەرانمان جێبەجـــێ دەکرد لە نێو یاریگا هیـــچ کەموکوڕییەکی وامان نەبوو کە ببێتە هۆی خراپی ئاســـتمان و یانەکەمان تووشی دۆڕان ببێت،دەستەی کارگێڕی یانەو ســـەرۆکی یانەکەشـــمان هاوکاری بەردەوامی یاریزانان ودەستەی کارگێڕی بوو.

فەرهەنگ تەها کاپتنی یانەی هەندرێن وتی «سوپاس بۆخوای گەورە توانیمان ئەو نازناوەش بۆخۆمان بەدەســـت بهێنین لەدوایساڵی ٢٠٠٣ بۆیەکمجـــارە بەو نازناوە شـــاد بین و ئاواتەکەمـــان هاتەدی و توانیمان ئەو نازناوە بۆخۆمان یەکلایـــی بکەینەوە لەکۆتایی هەفتەی یارییەکان و لەســـەرەتای خولەکـــە تاکۆتایی خولەکە بەهیوای ئەوەشـــین بتوانین لەســـاڵانی داهاتوو، نازناوی ئەو جامـــە بپارێزین وپارێزگاری کردن لە نازناویش ئەرکێکی زەحمەتە بۆیە هەوڵی زۆری پێویستە.

شـــوان مەجید یاریزانـــی هێڵی بەرگری یانەکە وتی: ســـوپاس بۆخوا توانیمان ئەمســـاڵ ئەونازناوە بە ماندووبوونێکی زۆر بۆخۆمان یەکلایی بکەینەوە،هەرچەندە لەسەرەتای خولەکەوە تاکۆتایی ماندووبوون وهیلاکیمان چێشت . بەڵام گەیشتنین بە ئامانجی خۆمان کە بەرزکردنەوەی نازناوەکە بوو،بۆیە دەســـتەی کارگێڕیـــی یانەکـــەو ڕاهێنەرانـــی یانەکە زۆر ئەرکیان لەگەڵمان کێشا.



فۆتۆ: تاراس رواندزی



# ئەحمەد ڕازی خۆی بۆپۆستی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی کاندید دەکات

بڕیارە لە مانگی ٦ی داهاتوو یەکێتی تۆپی پێی عێراقی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی یەکێتیەکە ئەنجام بدات لە شاری بەغدا، چەندین کەسایەتی وەرزشی عێراقی نیازی خۆ کاندیدکردنیان هەیە بۆ سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی کە ئێستا حوسێن سەعید سەرۆکی یەکێتیەکە،ئەحمەد ڕازی یاریزانی پێشووی یانەی زەورا وهەڵبژاردەی عێراق و کە پێشتر ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی بووە خۆی بۆپۆستی سەرۆکی یەکێتیەکە کاندید دەکات وپسپۆڕانی بواری وەرزشی پێشبینی دەکەن کەوا بتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت هەر چەندە لە ئێستادا تەنیا قسەو باس دەکرێت بۆخۆکاندید کردن بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیە وەرزشیەکانی عێراقی بۆشوێن گرەوی حوسێن سەعید لەململانێدا توند دەبن،پێشبینیش دەکرێت حوسێن سەعید خۆی بۆئەو پۆستە کاندید نەکاتەوە

## پاڵەوانێتی باسکەی خۆرئاوای ئاسیا لە هەولێر بەڕێوەچوو

لە شاری هەولێر بۆماوەی سێ ڕۆژ پاڵەوانێتی باسکەی خۆرئاوای ئاسیا بە بەشداری هەر یەك لە هەڵبژاردە کانی عێراق،ئوردن،لوبنان،ئێران بەڕێوەچوو.

دوای ئەوەی قۆناغی یەکەمی پاڵەوانێتی یارییەکانی باسکەی تازە پێگەیشتووانی خۆرئاوایی ئاسیا لە وڵاتی ئێران بەڕێوەچوو،هەڵبژاردەی عێراقیش پلەی یەکەمی بەدەست هێناو توانی لەسەر سێ ڕکابەرەکەی کە هەڵبژاردەکانی ئوردن،لوبنان،ئێران بوو سەرکەوێت،لە شاری هەولێریش لە هۆڵی سەنتەری بلوو قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتی باسکەی تازە پێگەیشتووانی خۆرئاوایی ئاسیا بۆئاستی کوڕانی خوار تەمەن ١٦ساڵ ئەو پاڵەوانێتیەش بە چاودێری یەکێتی باسکەی خۆرئاوایی ئاسیا و یەکێتی باسکەی عێراقی بوو بە بەشداری هەریەك لە هەڵبژاردەکانی ئوردن،لوبنان،ئێران،عێراق بۆماوەی سێ ڕۆژ ئەنجامدرا. ئەنجامی تیپەکانیش لەم سێ ڕۆژەدا بەم شێوەی خوارەوە بوو:

عێراق –ئوردن(٨٢-٦٤)خاڵ
لوبنان-ئێران(٧٣-٦٩)خاڵ
عێراق-لوبنان(٧٧-٦٩)خاڵ
ئێران-ئوردن(٦٦-٤٣)خاڵ
عێراق –ئێران(٧٩-٦٧)خاڵ
لوبنان-ئوردن(٦٩-٥٧)خاڵ


ریزبەندی تیپەکانیش
١-هەڵبژاردەی عێراق
٢-هەڵبژاردەی لوبنان
٣-هەڵبژاردەی ئێران
٤-هەڵبژاردەی ئوردن

**سێ تیپەکەی خانەی پێشەوە سەرکەوتن بۆپاڵەوانێتی ئاسیا**

هەڵبژاردەی عێراق بە پلەی یەکەم سەرکەوت بۆپاڵەوانێتی تازە پێگەیشتووانی باسکەی ئاسیا .

.هەڵبژاردەی عێراق بە ژمارەیەك یاریزانانی کوردەوە بەشداری ئەو پاڵەوانێتیەیان کردبوو توانییان ئاستێکی شایستەش پێشکەش بکەن و ببنە مایەی دڵخۆشی بۆدوارۆژی باسکەی عێراقی کە ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی عێراقیش بریتی بوون لە هەریەك لە محەمەد نەجار و عەبدولخالیق عەبدولقادر





دوای گەیشـــتنی هەردوو یانەی بەرشـــلۆنە و مانچستەر یونایتد بۆ یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا کەوا بڕیارە لە ڕۆژی ٢٨ی ئایاری داهاتوو لە یاریگای ویمبلی لە شاری لەندەن ئەنجام بدرێت، یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا ڕاپۆرتێکی دەربارەی مێژووی یارییەکانی نێوان هەردوو یانە لە ســـەرجەم پاڵەوەنەتیەکانی ئەورووپا بڵاوکردەوە کە تیایدا هەردوو یانە (١١) جار لە گەڵ یەك یارییان کردووە، سێ جار لە جامی جامەکانی ئەورووپا و حەوت جاریش لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، کە دوو یاری لە قۆناغی کۆتایی بووە، جارێکیش لە یارییەکی دۆستانەدا.

بە پێـــی ڕاپۆرتەکە یەکەم یاری نێوان هەردوو یانـــە بۆ وەرزی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی هەشتەمی جامی جامەکانی ئەورووپا، لەیاری چوون لە کامب نو بەرشـــلۆنە بە دوو گۆڵ سەرکەوت، بەڵام لە یاری گەڕانەوە لە ئۆڵد تافۆڵد یانەی مانچســـتەر بە سێ گۆڵ یارییەکەی بردەوە و گەیشتە قۆناغی پێش کۆتایی.

لە وەرزی ١٩٩٠ – ١٩٩١ هەردوو یانە لە یاری کۆتایی جامی جامەکانی ئەورووپا لە شـــاری ڕۆتردامـــی هۆڵەندی بە یەك گەیشتن و لە ئەنجامدا یانەی مانچستەر بە (٢-١) گۆڵ یارییەکەی بردەوە و جامەکەی بەدەست هێنا.

لـــەوەرزی ١٩٩٤ – ١٩٩٥ بۆ یەکەمجار هەردوو یانە لە قۆناغـــی گروپەکانی خولی یانەکانی ئەورووپا لەگەڵ یەك یارییان کرد، لە یاری یەکەم لە یاریگای کامب نو بەرشلۆنە (٤-٠) یارییەکـــەی بردەوە و هەردوو یانە (٢-٢) یەکســـان بوون،

# مێژووی یارییەکانی بەرشـ

# ئەگوێرۆ بەرەو خولی نایابی ئینگلتەرا

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی ئاماژەی بەوەدا لەوانەیە ڕێگە بە ئەستێرەی یانە ســـێرجیۆ ئەگوێـــرۆ بدات لە کۆتایی ئەم وەرزە بچێتـــە یەکێك لە یانەکانی خولی نایابی ئینگلتەرا، بەپێی هەواڵێك کە ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی بڵاوی کردەوە، لە ســـەرەتای ئەم وەرزە یانەکانی چێڵســـی و تۆتنهـــام هەوڵی کڕینی ئەگوێرۆیـــان داوە، بەڵام بەهۆی مەرجـــە داراییەکانی ئەگوێرۆ ڕێگە گر بوو لە تەواوکردنی بۆندەکە.

ڕاپۆرتـــە ڕۆژنامەوانییەکان ڕایانگەیاند ئەگوێرۆی تەمەن ٢٢ ســـاڵ کە وەرزی چوارەمـــە لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید یـــاری دەکات، لە هاوینی داهاتوو بـــەرەو خولی پریمەرلیگی ئینگلیزی دەڕوات بـــە تایبەتی دوای ئەوەی یانەی ناوبراو نەیتوانی بگاتە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە وەرزی داهاتوو، لەلایەن خۆیەوە بریـــکاری کارەکانی یاریزان ئەگوێرۆ ( برۆنۆ ســـاتین) وتی: چاوەڕێی وەرزی هاویـــن دەکەیـــن و ئەوکات هەموو وردەکارییەکان ســـەبارەت بە ئەگوێرۆ ئاشکرا دەکرێن یان مانەوە لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید یان ڕۆیشتن بۆ یانەیەکی دیکە، بەڵام ئێستا هیچ زانیاریەکم نییە.

هەروەها ســـاتین وتی: کارێکی باشە باشـــترین یانەکانی ئەورووپا کێبڕکێ لەسەر کڕینی ئەگوێرۆ بکەن ئەو تەنیا ٢٢ ساڵە و چوار ساڵە لە ئەورووپا یاری دەکات، ئەگوێرۆ حەز دەکات لە بەهێزترین پاڵەوانەتیەکانی ئەورووپا یاری بکات بۆ ئەوەی خۆی بســـەلمێنێت، تا وەرزی هاوین چاوەڕێ دەکەین و دواتر هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە.

وا چـــاوەڕوان دەکرێـــت یانەکانی چێڵســـی و مانچستەر یونایتد و تۆتنهام لە ململانێ دابن بـــۆ کڕینی ئەم یاریزانـــە، بەڵام هەلی یانـــەی تۆتنهام کەمتـــرە، چونکە زەحمەتە بەشـــداری لە خولی یانـــە پاڵەوانەکانـــی ئەورووپا بکات.



# فڕۆکەیەکی تایبەت بۆ یانەی بەرشلۆنە





# هالک دیارییە بـــ



دوای ئەوەی یانەی ئەی سی میلان بۆ جاری ١٨ مین نازناوی خولی ئیتاڵیای بەدەست هێنا، سەرۆکی یانە سیلڤیۆ برلسکۆنی کە ســـەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیایە و جێگرەکەی ئەدریانۆ گالیانی بەڵێنـــی ئەوەیان داوە لـــە وەرزی هاوینی داهاتـــوو پێکهاتەی تیپەکەیـــان بەهێز بکەن بۆ ئەوەی لە وەرزی تازە بتوانن ململانێ لە ســـەر جامی خولی یانە پاڵەوانەکانـــی ئەورووپا بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش یانەی میلان بە نیازە چەندین بۆند لەگەڵ یاریزانی بەتوانا مۆر بکات.

لە کاتـــی ئاهەنگەکانی هاندەرانی یانـــەی ڕۆزۆنێری بەبۆنەی بەدەســـتهێنانی نازناوی خولی ئیتاڵیا، جێگری سەرۆکی یانەی میـــلان گالیانی ئامادەبووە و هانـــدەران داوای دیارییەکی بەنرخ دەکەن ئەویش هێنانی هێرشـــبەری یانـــەی پۆرتۆی پورتوگالی



دواتــر لــە وەرزی ١٩٩٨ – ١٩٩٩ جارێکی دیکە لە قۆناغی گروپەکان بە یەك گەیشــتنەوە و لەهەردوو یاری یەکســانبوون، لە یاری چوون و گەڕانەوە ئەنجامەکە (٣-٣) بوو بەڵام لەم وەرزەدا یانەی مانچســتەر نازناوەکەی بەدەست هێنا کە یاری کۆتایی لە کامب نو بەڕێوە چوو لەو وەرزەی کە مان یونایتد سێ نازناوە مێژووییەکەی بەدەست هێنا.

لە وەرزی ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ هەردوو یانە لە قۆناغی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا یارییان کرد، لە یاری چوون لە شاری بەرشلۆنە هەردوو یانە بە بێ گۆڵ یەکسان بوون و لە یاری گەڕانەوە یانەی مانچستەر بە گۆڵی یاریزان پۆل سکولز سەرکەوتنی بەدەســت هێنا و گەیشتە یاری کۆتایی و جارێکی دیکە مان یونایتد نازناوەکەی بەرز کردەوە دوای سەرکەوتنی بەسەر یانەی چێلسی.

لە وەرزی ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ لە یاریگای ئۆلۆمپیکۆ لە شاری ڕۆما هەردوو یانە لە یــاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرامبەر یەك یارییان کرد و یانەی بەرشــلۆنە بووە پاڵەوان دوای سەرکەوتنی بە دوو گۆڵی بێ بەرامبەر، گۆڵەکانیش یاریزانان ئیتۆ و میسی تۆمارییان کرد.

تاکە یاری دۆســتانەش لە ساڵی ٢٠٠٣ لە نێوان هەردوو یانە ئەنجامدرا تیایدا یانەی مان یونایتد بە ئەنجامی (٣-١) یارییەکەی بردەوە، گۆڵەکان یاریزانان فۆرلان دوو گۆڵ و نیستەلرۆی تۆمارییان کرد.

لــە کۆی ١١ یاری یانەی مان یونایتد ٤ ســەرکەوتنی تۆمارکردووە بەرامبەر ٣ ســەرکەوتن بۆ یانەی بەرشلۆنە و لە ٤ یاری بەرامبەربوون، بەرشلۆنە ١٨ گۆڵی تۆمار کردووە بەرامبەر ١٧ گۆڵ بۆ یانەی مان یونایتد.

# ـــلۆنە و مانچستەر یونایتد

هێڵی ئاسمانی تورکیا (تورکش لاین) کە سپۆنسەری یانەی بەرشلۆنەیە، رایگەیاند فڕۆکەیەی تایبەت بۆ یانەی بەرشــلۆنە بە ڕەنگی بلۆگرانا کە ڕەنگی درێســی یانەی بەرشــلۆنەیە لەگەڵ ئارمی یانە تەرخانکراوە بۆ گواســتنەوەی یاریزانانی یانەی بەرشــلۆنە بۆ شاری لەندەن بە مەبەستی ئەنجامدانی یاری کۆتایی خولی یانــە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرامبــەر یانەی مانچســتەر یونایتد لە ٢٨ی ئەم مانگە.

حەمدی تۆبکۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕی ئەم هەواڵەی دووپاتکردەوە بەپێی بۆندی سپۆنســەری نێوان هەردوولا، هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە ئەوان ناتوانن راگەیاندنکاران و هاندەران بگوازنەوە، بەڵکو فڕۆکەکە تایبەت دەبێت بە گواستنەوەی یاریزانان لە هەرێمی کەتالۆنیا بۆ شاری لەندەن.




## بێکهام تووشی روداوێکی هاتوچۆ هات

ئەســتێرەی بەناوبانگی ئینگلیزی دێڤید بێکهام تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ هات لە ڕێگای خێرا لە باشووری ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکی بەبێ ئەوەی تووشی هیــچ ئازارێك بێت، جەنیڤەر کۆنۆلی خانمە ئەفســەری هاتوچۆ لە کالیفۆرنیا بە گۆڤاری بیبۆلــی راگەیاند کە ئۆتۆمبیلێك لە جۆری میتسۆبیشــی لە دواوە بە ئۆتۆمبیلەکــەی بێکهام کەوت کە لە جــۆری کادیلاکە، بەڵام لەم ڕووداوەدا بێکهام و کوڕەکــەی برۆکلین کە لەگەڵ باوکی بوو تووشــی هیــچ ئازارێك نەهاتن لەو کاتەی شــۆفێرەکەی دیکە بە ســووکی بریندار بوو و گواسترایەوە نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردن.

یاریزان دێڤید بێکهام کە ئێســتا لە یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسی یاری دەکات و پێشــتریش لە یانەکانی مانچســتەر یونایتد و ریال مەدرید یاری کردووە دووچاری رەخنەیەکی بەهێز بوو لەلایەن هاندەرانی یانەکەی دوای ئەوەی یانەکەی جێهێشت بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی هاوسەری شازادە ویلیام و کێت میدڵتۆن لە شاری لەندەن و گەڕانەوەی لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر بۆ بەشداریکردن لە یارییەکی خولی ئەمریکا، بەڵام بێکهام ئاستێکی خەراپی پێشکەش کرد و یانەکەی ئەم یارییەی دۆڕاند.

بێکهام و خێزانەکەی ڤکتۆریا لەگەڵ ســێ منداڵەکەی لە شــاری لۆس ئەنجلۆس دەژین و چاوەڕێی منداڵی چوارەمیان دەکەن لە مانگی تەمموزی داهاتوو، شایەنی باســە بۆندی یاریــزان بێکهام لەگەڵ یانەی لۆس ئەنجلۆس لە مانگی تشــرینی دووەمــی داهاتوو کۆتایی دێــت و بێکهام بە نیازە پێوەندی بــە یانەیەکی خولی ئینگلتەرا بکات.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

## ـــۆ هاندەرانی میلان

هالــك یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیلــە، گالیانیش وەڵامی ئەم دواکارییەی داوەتەوەو بەڵێنی پێداون کە هالك پێوەندی بە یانەی میلانەوە بکات، کێشــەی سەرەکی لە بەردەم تەواوکردنی ئەم بۆندە نرخی بــەرزی یاریزانەکەیە کــە یانەی پۆرتۆ نرخەکەی بە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ دیار کردووە.

لەلایەکی دیکــەوە ماکســیلمیانۆ ئەلیگری راهێنەری یانەی میلان دووپاتی کردەوە کە یانەکــەی بۆندی لەگەڵ هــەردوو یاریزان فیلیب مکسیس لە یانەی ڕۆما و تای تایو لە یانەی مارسیلیا لە دوو بۆندی ئازادا، هەروەها ئەوەشی راگەیاند بەم نزیکانە ئەم دوو بۆندە بە فەرمی پێشکەش دەکات.





# بەهۆی ئاژاوەوە یاری كۆتایی تەواو نەكرا

لەسەر یاریگای دووەمی شەهید فرەنسۆ هەریری بە ئامادەبوونی چەندین بەرپرسی وەرزشی و ژمارەیەكی زۆری هاندەرانی وەرزشی یاری كۆتایی لە نێوان هەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی وزاخۆ دەستی پێكرد.لەگەڵ دەست پێكردنی یارییەكە هاندەرانی یانەی زاخۆ كە ڕێژەیەكی زۆر ئامادەی یارییەكەی ببوون بۆپشتگیری كردن لە یانەكەیان .بەڵام دوای تێپەڕ بوونی ١٩خولەك بەسەر كاتی یارییەكە هەردی نورەدین بەلێدانێك یانەی پێشمەرگەی بە گۆڵێك پێشخست . بەڵام یاریزانانی یانەی زاخۆ فشارێكی زۆریان دروست كرد،لە خولەكی ٤٣ی یارییەكە ڕێبەر محەمەد توانی گۆڵی یەكسان بوونی یانەی زاخۆ تۆماربكات. دوای ئەو گۆڵەش هاندەرانی یانەی زاخۆ ڕژانە نێو یاریگای یانەی هەولێر و بەمەبەستی خۆشی دەربڕین وبەم هۆیەش یارییەكە ماوەیەك ڕاگیرا. دواتر شەڕو ئاژاوەیان دروست كرد لە یاریگای هەولێریش زیانێكی زۆری بەركەوت. بەم هۆیەش ناوبژیوانی یارییەكە فیكەی كۆتایی گێمی یەكەمی لێداو،دواتریش بەبڕیاری یەكێتی تۆپی پێی كوردستان یارییەكە تەواو نەكراو كۆتایی پێهات .

سەردار ساڵح ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە فایلی وەرزشی گوڵانی ڕاگەیاند وتی «زۆربەداخەوە لەكاتێك خولی كوردستان بەرەو پێشەوە دەچێت هاندەرانی یانەی زاخۆ كێشەیەكی گەورەیان دروستكرد.وتیشی هیچ پۆلیسێك لە هاندەرانی زاخۆی نەداوە،بۆیەكمجار جامێكی وا پیرۆز ئەنجام دەدرێت كە یاری كۆتاییە بەڵام بەم شێوەیە كێشەیان دروست كرد ئەگەر یەكێتی تۆپی پێ بڕیار بدات،بەڵام ئێمە ئامادەنین یارییەك بكەین هاندەری تێدا بكوژرێت،یان مەترسی لەسەر ژیانی یاریزانەكانمان دروست بێت.

سلێمان ڕەمەزان ڕاهێنەری یانەی زاخۆ بۆ فایلی وەرزشی گوڵان وتی «ئێمە زۆر پێمان ناخۆشە كەوا ئەو كێشەیە دروست بووە،هەرچەندە تیپەكەمان یارییەكی باشیان كرد،دەمانتوانی ئەنجامی یارییەكە بۆبەرژەوەندی خۆمان یەكلایی بكەینەوە هەندێك لە هاندەران كێشەیان دروست كردوە،بەڵام نازانین هاندەری كام تیپ بووینە،ئێمەش زۆر دڵگرانین بەو جۆرە كارانە .

لە دوایین كۆبوونەوەی یەكێتی تۆپی پێی كوردستان بە ئامادەبوونی سەرۆك وئەندامانی یەكێتی تۆپی پێ لەكوردستان بڕیاردرا لە كاتێكی تر یاری كۆتایی جامی كوردستان ئەنجام بدرێت لەشاری كەركوك بەبێ ئامادەبوونی هاندەرانی یانەی زاخۆ سزادانی یانەی زاخۆ بە ١٠ملیۆن دینار ویانەی زاخۆش بەم بڕیارە ناڕازییە .

# به ئـامـادەبوونی

لەژێر چاودێری مازن محەمەد سەعید قایمقامی قەزای بەردەڕەش و بە ئامادەبوونی سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەی هەرێمی كوردستان و دكتۆر مستەفا گۆران نوێنەری حكومەتی هەرێم لە وڵاتی نەمسا چوارەم فیستیڤاڵی وەرزشی گۆڕەپان و مەیدانی بۆ قوتابخانەكانی هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی كوڕان و كچانی سنووری پەروەردەكەی بەڕێوەبرد كە تێیدا چەندین بزاڤی وەرزشی و پێشبڕكێ و چالاكی ئەنجام دران و ئەنجامەكان بەمشێوەیە بوو:

لەسەر ئاستی قۆناغی بنەڕەتی قوتابخانەكانی كوڕان لە پۆلی (١ — ٦)، قوتابخانەی ئەیلوول توانی (٤٩) خاڵ بەدەست بێنێت و پلەی یەكەمی بەدەست هێنا و قوتابخانەی (كوردستان) و (كەونەباك) یش بە (٣٣) خاڵ و (٢٥) خاڵ توانیان پلەی دووەم و سێیەم بەدەست بێنن و لەسەر ئاستی قۆناغی بنەڕەتی كوڕان قوتابی (ئەحمەد مستەفا) لە قوتابخانەی ئەیلول بووە قارەمانی گۆڕەپان و مەیدان بە كۆكردنەوەی (٢١) خاڵ.

# پاڵەوانـ



# وەزیری پەروەردە فیستیڤاڵی وەرزشی پەروەردەی بەردەڕەش بەڕێوەچوو

هەروەها لە قۆناغــی بنەڕەتی کچان لە پۆلی (١ – ٦ ) قوتابخانەی (گوڵان) بە (٣٥) خاڵ بووە یەکەم و هەردوو قوتابخانەی (بەردەڕەشــی کچان) و (شــیوەڕە) هەر یەکــەو (٣١) خاڵ و (٢٢) خاڵیان بەدەســت هێنــا و قوتابی نورا عەبدولسەلام لە قوتابخانەی بەردەڕەشی کچان بە کۆکردنــەوەی (١٥) خاڵ بــووە قارەمانی گۆڕەپان و مەیدان.

لەسەر ئاستی پۆلەکانی (٧، ٨، ٩) ی بنەڕەتی قوتابخانەی (گۆران بە ٧٨خاڵ و خێلەکی بە بە ٣٣ خــاڵ و پیرچاوش بە ٣٠ خاڵ پلەی یەکەم و دووەم و ســێیەمیان بەدەســت هێنا و قوتابی (وەلید عەلی حەمۆ ) لە قوتابخانەی گۆران بە کۆکردنــەوەی ١٨ خاڵ بووە قارەمانی گۆڕەپان و مەیدان.

بــۆ پۆلەکانــی (١٢،١١،١٠،٩،٨،٧) ی ئامادەییەکانی کچان، قوتابخانەکانی (ئامادەیی بەردەڕەش ، راپەڕین ، ئاڤێستا) بە کۆکردنەوەی (٦٩، ٣٨، ٢٨) خــاڵ بوونــە یەکەم و دووەم و ســێیەم و قوتابی (سەیران کامیران لە ئامادەیی بــەردەڕەش) بــە کۆکردنــەوەی ٢٨ خاڵ بووە قارەمانی گۆڕەپان و مەیدان.

هەروەها لە پۆلەکانی ئامادەیی کوران لە پۆلی (١١- ١٢)، قوتابخانــەی ئۆمــەر ســێنان بە (٨٢) خــاڵ پلەی یەکەم و ئامادەیی بەردەڕەش بــە (٥٤) خاڵ و ئامادەیــی جوتیار بە (٤٣) خاڵ پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمیان بەدەست هێنا و قوتابی (دڵشاد بەشیر) لە قوتابخانەی ئامادەیــی جوتیــاری کــوران (١٧) خاڵی کۆکردەوە و بووە قارەمانی گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستەکەی.



# ...ێتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی سلێمانی ئەنجامدرا

**کوڕان وکچانی پێشمەرگە بوونە پاڵەوان**

لە شــاری سلێمانی بە بەشداری هەشت تیپی کوڕو کچی شاری سلێمانی پاڵەوانێتی گۆڕەپان ومەیدانی یانەکانی شاری سلێمانی ئەنجامدرا.

لەســەر یاریگای یانەی ســلێمانی کە ناســراوە بــە یاریــگای مەلعەبەکە،بەسەرپەرشــتی لقــی ســلێمانی یەکێتــی ناوەندی گۆڕەپــان ومەیدانی کوردســتان و بەبەشــداری هەریەك لە تیپەکانی (ڕانیە، دوکان، پێشــمەرگەی سلێمانی،ســەرچنار،پیرەمە گروون) بۆئاســتی پێشکەوتووانی کوڕان وبۆئاستی کچانیش هەریەك لە تیپەکانی (سەرچنار،پێشمەرگەی سلێمانی،ئەفرۆدێت ) بەشداریان کردبوو،یانەی سیروانی نوێ پاشەکشەی لە پاڵەوانێتیەکە کرد.ماوەی پاڵەوانێتیەکەش بۆ یەك رۆژ بەردەوام بوو،یاریزانانــی کوڕوکچی یانەکانی بەشــداربوو ئاســتێکی بەرزیان پێشکەش کــرد لــە پاڵەوانێتیەکــە ئەنجامــی یانەکانیش بەم شــێوەی خوارەوە بوو .

ئاستی کچان تیپەکان
١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ٩٢خاڵ
٢-یانەی سەرچنار ٧٢خاڵ
٣-یانەی ئەفرۆدێت ٣٢خاڵ

ئاستی کوڕان تیپ
١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ٩٦خاڵ
٢-یانەی ڕانیە٦٧خاڵ
٣-یانەی دوکان ٤٦خاڵ
٤-یانەی پیرەمەگرون ٤٤خاڵ
٥-یانەی سەرچنار ٢٥خاڵ

پاڵەوانــی گۆڕەپــان ومەیدان لە ئاســتی کوڕان یاریزان(دانەر وەهبی)لە یانەی ڕانیە بە کۆکردنەوەی ١٤خاڵ.

بۆئاســتی کچانیش یاریزانان (دڵســۆز عوبێد) لە یانەی سەرچنار بە کۆکردنەوەی ١٤خاڵ.



فۆتۆ: هەرێز جەمال